# کۆنفرانسی بەغداد، ئەمریکاو ئێران، دانوسان لەپێناو جەنگدا!

**خەسرەو سایە**

**k.saya@ukonline.co.uk**

سەرەنجام کۆنفرانسی یەکرۆژەی بەغداد، لەباروودخی نائارامی عێراقدا، بەئامادەبوونی نێونەرانی ئەمریکا لەلایەك وئێران وسوریا لەلایەکی ترەوە، بەڕێوەچوو. لەمبارەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن قسەوباسی پێچەوانەو بەتەوای جیاوازو لەهەندێك شوێن تەنانەت دژ بەیەکیان لەزاری نوێنەرانی ئامادەبووی کۆنفرانسەکەوە بلاوکردۆتەوە. ئەمریکا لەزمانی نوێنەرەکەیەوە، زەلمای خەلیلزاد، ئەوەی ڕاگەیاندووە کە"گفت وگۆی ڕاستەوخۆیان بووە لەگەڵ نوێنەرانی ئێرانی وسوریایی". کەچی لەبەرامبەردا ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی ئێران بەزمانی ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دانوسانێکی تایبەتی ودوقۆلی نێوان ئەوان و ئەمریکا دەدوێن. ئەمە وێرای ئەوەی کە عەلی دەباغی ووتە بێژی حکومەتی مالیکی ئەوەی ئاشکراکردووە، کەکۆنفرانسی بەغداد هیچ دانوسان و گفتوگۆیەکی لەنێوان ئەمریکاو ئێران و سوریادا لەباوەش نەگرتووە. بەم شێوەیە کۆنفرانسی بەغداد لەنێو دەریایەك لەتەم و مژو تێڕامان وبەدبینی وگومانی تەبیلغاتیدا بەخێرایی تێپەڕی.

بەلام هەرچۆنێك بێت ڕووداوەکانی پشتی پەردەی ئەم کۆنفرانسە ناتوانێ هیچ شتێك لەوە بگۆڕێ کەلایەنەکانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا بێئەنجام هاتونەتەدەرەوە. بەتایبەتی ئەوەی لەئاستی عەلەنیدا ولەبارەی پەیوەندی نێوان ئەمریکاو ئێران و سوریاوە ئاشکرابووە، لەوە تیپەر ناکات کەهەردولا لەسەر"دژایەتی تیرۆریزم و مەترسی پارچە پارچە بوونی عیراق" کۆکن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەستەواژەیەکی مەجازی و گشتیــیە وبەبێ کۆنفرانس و دانوسانیش لایەنە دژبەیەکەکان لەماوەی ڕابردوودا لەڕاگەیاندنەکانیانەوە رۆژانە تەخشان وپەخشانیان کردۆتەوە. بەلام ئەم کۆنفرانسە ئاکامی چ واقعیاتێکەو چ مەغزایەکی سیاسی دەخاتە پێشچاوی خەلکی عێراق و ناوچەکە؟

شکستی ئیستراتیژی بۆش لەعێراق و هاتنەکایەوەی ڕاپۆرتەکەی بەیکر-هاملتۆن وفشاری دیموکراتخوازەکان لەناوخودا بۆ پیکهینانی ئالۆکۆرلەسیاسەتەکانی ئەمریکادا، تاهاتووە جۆرج بۆشی ناچارکردەوە کەئەگەر بەروالەتیشبووە تەوسیەکانی راپۆرتەکەی بەیکر_هاملتۆن بەشێوەیەك لەشێوەکان بباتەپێشەوە و بەم پێیەش بۆ چارەسەری کێشەکانی عیراق بکەوێتە دانسوان لەگەڵ وولاتانی ناوچەکەوە، کە لەپێشیانەوە ئیران وسوریا ڕاوەستاون.

بەلام نەفسی ئامادەبوونی ئیران وسوریا لە کۆنفرانسێکدا کەئەمریکا تیدا بەشدارە، ئەویش لە ناوخۆی عێراقدا، بەمانای دانپێدانانێکی ئاشکرایە بەرۆلی پێشرەوی جمهوری ئیسلامی ئێران و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەناوچکەدا. ئەمریکا گەرچی بەکردەوە مەیلی بۆ دانوسان نییە، بەلام بەنیازە دانوسان لەگەل لایەنە نەیارەکانیدا بکاتە مێزی قومارێك کەتێیدا بارودۆخ لەعێراق بکاتە کارتێکی فشار بۆ بۆهەستانەوەی شکستەکانی خوێ و گرتنەدەستی جلەوی پێشرەوی بەئاراستەی جەنگێکی تر لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، کەبەهانەکەی پیشەسازی ناوەکی ئیرانە.

کۆنفرانسی بەغدا گەرچی بابەتی ئارامکردنەوەی باروودخەکان لەعێراقدا کردۆتە تایتلی خۆی، بەلام ئەمە ڕوالەتی مەسەلەکەیە، چونکە قەیران لەعێراق بەشێکی جیانەکراوەی قەیرانە لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا کەئەمریکاو ئیسلامی سیاسی وەك دوو قوتب و دوو هێزی دژبەیەك تیا چالاکن، هەربۆیە مەسەلەکە بەتەنها ئەمنیەتی عێراق نییە و لەهەر دانوسان و گفت وگۆیەکدا ئەمنیەتی سوریا و ئێران، تەنانەت ئەمنەیتی کوەیت وسعودیە، فەلەستین و ئیسرائیل و لوبنان وتوریکاش دێنێتە ئاراوە. کەوایە هاوکێشەی قەیرانێك کەلەعێراقدا هەیە زۆرلەوە ئالۆزترو دژوارترە کەبەدەستەواژەی گشتی لەچەشنی"دژایەتی کردنی تیرۆر و یەکپارچەیی خاکی عێراق" تێپەربکرێت.

لەروانگەی ئەمریکاوە تێپەرین لەقەیرانی ئەمنەیەتی عێراق خستنە ڕووی داوای ئەوەیە کەئیران و سوریا یارمەتی گروپە چەکدارەکانی ناوخۆی عێراق نەدەن وسنورەکانیان لەبەردەم هاتنە ناوەوەی تیرۆریستان ببەستن، هەروەها پابەندبن بە بریارە نیو دەولەتییەکانەوە وبەتایبەتیش دەستهەلگرتنی ئێران لە پێکهنانی چەکی ناوەکی. بەلام باسی ئەمنەیەت بۆ ئیران وسوریا چەندین خواستی واوەتر لەوەی ئەمریکا داوای دەکات دێنێتە ئاراوە. لەپێشیانەوە نەفسی وجودی هێزەکانی ئەمریکا فاکتۆریکی سەرەکییە لەسەر ڕێگای ئەمنەیەتی ئەم دوولاتەدا، هەربۆیە دواکردن بۆ کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، بنەمای قەیرانی عیراق وەك میحوەریك لەقەیرانەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دێلێتەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکا تائیستاش ئامادە نییە بۆ ئاشکراکردنی کشانەوەی هێزەکانی بەپێی خشتەیەکی زەمانبەندی کراو. سەرەرای ئەمەش دالدەدانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وسوریایی لەلایەن ئەمریکاوە و کۆمەککردن پێیان ئەو حوکمەی لەلای ئێران و سوریا دروستکردووە کە ئەمریکا"دالدەی تیرۆریستان دەدات" بەناوی جەنگ لەدژی تیرۆرەوە! بەلام ئەوەی لەم نێوەدا جێگای سەرنجە خودی حکومەتی عێراقە کە وەك مەوجودیەتێك کەلەسەر دووپایەی دژ بەیەك ڕاوەستاوە: لەلایەك حکومەتیکی ئیسلامی کەپشتیوانی ژیربەژێر لەئێران و سوریا وەردەگرێ و لەلایەکی تریشەوە دەسەلاتێکە کەپالی داوە بەئەمریکاو داگیرکارییەکەیەوە. حالەتێکی ئاواش نەك "حوسنی نیەت" بۆ هیچ لایەك لەلایەنە پێچەوانەو دژبەیەکەکان ناهلێتەوە، بەلکو خۆی دەبێتە فاکتۆری قولکردنەوەی قەیران و درێژەکێشانی نائەمنی وپشێویە سیاسییەکانی ئێستای عێراق. بەم هۆیەشەوە کۆنفرانسی بەغداد بەهەردانوسان و گفت وگۆیەکەکەوە (کەئەگەر ئەنجامدرابێت) ناتوانی نەك هەر بارگرژی وقەیرانی ئێستای عێراق چارەسەربکا وبەرەو هێوربوونەوەی بەرێت، بەلکو بەپێچەوانەوە دەبێتە وێستگەیەك لەسەر رێگای توندبوونەوەی سیاسەتی جەنگ خوازی ئەمریکاو پەلامارەکانی بۆسەر ئیران و سوریا لەداهاتوودا.

بێگومان دانوسان و گفتوگۆ هەمووکاتێك نیشانەیەك نییە بۆ ئاشتی و دورخستنەوەی جەنگ، ئەو بارودۆخەی کۆنفرانسی بەغدای لەسەر ڕاوەستاوە بەپێویست دانوسان و گفت وگۆیەکان دەکاتە مەیدانێك بۆ کیشمەکیشی سیاسی و توندکردنەوەی فشارەکان و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ و پێکدادانەکانی داهاتوو. لانی کەم ئەم راستییە لە تەرەفی ئەمریکاوە سیاسەتیکی بەرجەستەیە. ئەوەی کەبۆ بۆش وحکومەتەکەی لەم کۆنفرانسەدا جیگای مەبەستە لەلایەك خاوکردنەوەی فشاری رەقیبەکانییەتی لەناوخوی ئەمریکا و لەلایەکی تریشەوە تۆمارکردنی بەهانەیەکە لەسەر ئێران بەوەی کەلەگفتوگۆدا ملی بەخواستە نیودەولەتیـیەکان نەداوە! ئەمەش ئیتر بەسە بۆئەوەی دانوسان لەپێناو جەنگی داهاتوودا وەك تاکتیکێك بەدەستەوە بگرێ. ئەمەیە هونەری دانوسان لەپیناو جەنگدا.

**2007/3/12**